# مانگی دووی ٢٠٢٢

**خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ:**
پرۆژەیاسای پەروەردە و فێرکاری لە هەرێمی کوردستان- عێراق

## یاداشتنامەیەک بۆ ڕای گشتی

پاش گفتوگۆکردنی چڕی نێو مامۆستایان و کەسانی شارەزا لە پەروەردەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی ئەم پرۆژەیاسایە بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان گونجاو نییە. لەم یاداشتەدا ئەو خاڵانەی بوونە شوێنی نیگەرانی خراونەتە بەرچاو، بەو ئومێدەی ئەم پرۆژەیە ڕابگیرێت و بەهەمووان بتوانرێت پرۆژەیاسایەکی هاوچەرخ و شایستە بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەلایەن کەسانی پسپۆری ناوخۆیی و دەرەکییەوە  دابڕێژرێت.

## یاداشتنامەی ڕەخنە و سەرنج بۆ بەردەم ڕای گشتی و پەرلەمان سەبارەت بە پڕۆژەیاسای پێشنیازکراو بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

### پێشەکی:

ئەم پڕۆژەیاسایەی لەم یاداشتنامەیەدا باس دەکرێت نەخراوەتە ناو فەزای گشتی و بە ڕێکەوت بەرچاوی شارەزایانی پەروەردە کەوتووە، ئێمە لە ڕێگای پەیوەندییەکانی خۆمان و دوو پەرلەمانتارەرەوە بە دەستمان گەیشتوە. بۆ خۆی ئەم جۆرە یاسادەرکردنە بۆ بوارێکی هەستیاری وەک پەروەردە و فێربوون، کە پەیوەندیی بە ژیانی کۆی کۆمەڵگەوە هەیە، ناکۆکە لەگەڵ بنەما پێویستیەکانی بەشداریی کەسانی شارەزا و پێکهاتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە لە دەرچوواندنی یاساکاندا. بە داخەوە ئەم پڕۆژەیە جارێکی تر ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچونەیە کە دەڵێت: "لە هەرێمی کوردستاندا یاسای نوسراو خزمەتی ڕێسای پەیڕەوکراو دەکات".

ئێمە وەک لێپرسراوێتییێکی پەروەردەیی و پیشەیی و ئەرکی نیشتیمانەییمان، بە پێویستمان زانی ئەم یاداشتە ڕەخنەیی و سەرنجانەمان بخەینە بەردەم ڕای گشتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی وەستاندنی کاری دەرچواندنی یاساکە و پێدانی کاتی پێویست بە لایەن و کەسانی شارەزا بۆ داڕشتنی یاسایەکی شایستە بە هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان و تەبا لەگەڵ پەروەردەی هاوچەرخدا. دەبێت ئامانج لە یاساییێکی وا بونیاتنانی سیستمێکی پەروەردەیی ئامانجدار بێت لە پێناو پەرەپێدانی بەهرەکانی مرۆڤ، بونیاتنانی نەوەیەکی خاوەن دەسەڵاتی مەعریفی و ئاکاری مەدەنی، دەوڵەمەند بە کارامەیی ژیان و، دروست لە ڕووی جەستەیی و دەرونییەوە.

### واقیعی سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا:

به شێوەیەکی گشتی ئامانجی پەروەردە لە سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا تەمومژاوییە و ئاشکرا نیە و، دیار نییە لە ڕێگای ئەم سیستمەوە چاوەڕێین نەوەیەکی چۆن بەرهەم بهێنرێت. بە دڵنیاییەوە دەزانین ڕێژەیەکی کەمی بودجەی گشتی بۆ کەرتی پەروەردە تەرخان کراوە، پۆلەکان قەرەباڵغن، باڵەخانەی قوتابخانەکان کۆن و نەشیاون بۆ پەروەردەیەکی هاوچەرخ و، مەرجی سەلامەتییان تێدا لە ئاستێکی نزمدایە، کەلوپەل و پێداویستی وانەگوتنەوە و دابینکردنی پلەی گەرمی شیاو لە خراپترین دۆخدایە، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکان دوو یان سێ تا چوار دەوامیان تێدا دەکرێت، پرۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ پێگەیاندنی نەوەیەکی کارامە و بەهرەداردا ناجۆرن، میتۆدەکانی وانەگوتنەوە ناچالاک و کۆنن و لەگەڵ فێربوونی کارادا ناتەبان، بارودۆخی ژیانی مامۆستایان بە هۆی بێمووچەیی و نەبوونی سیستمێکی تۆکمەی پەرەپێدانی پیشەیی، مامۆستایانی تووشی پشێوییەکی زۆر کردووە و، لە ئاستێکی مەعریفیی دیاریکراودا ڕاگیراون. ژمارەی فێرگە ئەهلییەکان بە بەراورد بە کەرتی گشتی لە هەڵکشانێکی بەرچاودایە، کە ئەگەر تێچووی ئەو فێرگانە بەراورد بکەین بە تێکڕای داهاتی خێزانێک، لەو ڕاستیە تێدەگەین کە تەنها توێژێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگە دەتوانێت خەرجی فێرگەی ئەهلی بۆ منداڵەکانیان دابین بکات. هەموو ئەم ڕاستیاینە کاریگەریی نەرێنیی ڕاستەوخۆیان لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێربوون بۆ زۆرینەی منالان داناوە.

تێبینیە سەرەکییەکان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە:

١. لە دیدی ئێمەوە ئەم پرۆژەیاسایە کراسێکە بە بەری ئەو سیستمەی ئێستا هەیە دووراوە، جگە لەوەی هیچ دونیابینییەکی فەلسەفی ناوازەی پەروەردەیەکی هاوچەرخی تێدا نییە و، هیچ پێودانگێکی زانستیی تێدا دەستنیشان نەکراوە بۆ بەگەڕخستنی سیستمێکی پەروەردەیی شایستە.

٢. زیاد لە ٣٠ لاپەڕەی پڕۆژەکە کە دەکاتە زیاد لە یەک لە سەر چواری پڕۆژەکە تەرخان کراوە بۆ ناوەندە فێرکارییە ئەهلییەکان (بڕواننە لاپەڕە ٧٤-١٠٤). ئەم خاڵە ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ هەوڵی نابووتکردنی تەواوی کەرتی پەروەردەی گشتی و جێگرتنەوەی لە لایەن کەرتی پەروەردەی تایبەتەوە.

٣. گرنگترین خاڵ لە یاساکەدا کە بزرە "بەهایە" لەپاڵ ئامانجی پەروەردەدا کە پێویستە بونیات بنرێت نەک دابڕێژرێت. گرنگە لە یەک پەڕەگرافدا بە چڕی بەهای پشتپێبەستراو و ئامانجەکە بنووسرێت و کۆی بەندەکانی یاساکە لە خزمەتی گەیشتن بەو ئامانجەدا بن.

٤. ئەگەر چی لە بەندی پێنجەمی ماددەی دوو لە بەشی دووی یاساکەدا نووسراوە" لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکاریدا، فێرخواز و خوێندکار ناوەندی سەرەکیە" لە کۆی پڕۆژەکەدا باس لە دەروونی و دروستی و ئاسودەیی و ئارەزووی منداڵ و پاراستنی شکۆی فێرخواز نەکراوە. بەڵکو زۆر بابەتی هەستیار بەجێهێڵراوە بۆ وەزیر و ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە، نەک کەسە مەیدانییەکانی پەروەردە. لە کاتێکدا زۆرینەی ئەوانەی ئەو پۆستانەیان پێدراوە پسپۆری بواری پەروەردە نین، کەچی دەسەڵاتی گۆڕانکاری دراوە پێیان. هەروەها لە پڕۆژەکەدا باس لە شیاوی و ئەرک و پێکهاتەکانی وەزارەتی پەروەردە و بە تایبەت "ئەنجوومەنی وەزارەت" نەکراوە کە لێپرسراوێتیی داڕشتنی ستراتیژی فرەڕەهەندی پەروەردەییان دەکەوێتە ئەستۆ.

٥. مادەی ٤٦ی یاساکە بۆ سزای دوورخستنەوەی فێرخوازی خوێندنی بنەڕەتی، دەڵێت نابێت لە دە ڕۆژ زیاتر بێت، کە بەهیچ شێوەیەک بۆ یەک وانەش نابێت ئەو کارە ئەنجامبدرێت، نەک هەر دوورخستنەوەی لە فێرگەکەی.

٦. ئەم پڕۆژەیاسایە بۆ سەنتەری شار و تا ڕاددەیەک شارۆچکەکان دانراوە، خوێندنگە دووره دەستەکانی دەرەوەی شار و بەتایبەت گوندەکان زۆربەی مادەکانی پڕۆژە یاساکە نایانگرێتەوە، وەک ئەوەی ئەوان سەر بە سیستمی پەروەردەی کوردستان نەبن.

٧. گرنگیدان بە کەرتی تایبەت لە سەر حسابی کەرتی گشتی خاڵێکی زۆر لاوازی ئەم پرۆژەیەیە.

لەو وڵاتانەی سیستم تێیاندا نەچەسپیوە تێکەڵکردنی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی، لە لایەک خۆدزینەوەی حکومەتە لە ئەرکە بنەڕەتی و گرنگەکانی خۆی کە گرنگیدانە بە پەرەپێدانی کەرتی گشتی بۆ خزمەتی هاوڵاتیان وەک ئەوەی لە وڵاتانی پێشکەوتووی باکوری ئەوروپا کەرتی گشتی پەرەی پێدراوە، لە لایەکی ترەوە بە ئاسانی دەبێتە مایەی قۆرخکاری و سنووربەزێنی کەسانی پارەدار. ئەو بارودۆخە دەبێتە مایەی جیاکاریی زەقی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا و، قورسایی دارایی لەسەر خێزانەکان دروست دەکات، هەروەها کردنەوەی دەرگایە بە ڕووی گەندەڵیدا، ئەمە جگە لەوەی کاریگەریی دەروونیی یەکجار نەرێنی لەسەر ئەو فێرخوازانە دادەنێت کە هەلی خوێندنیان لە دامەزراوەیەکی باشدا بۆ فەراهەم ناکرێت.

٨. فێربوونی زمانی دایک لە باخچەکان و بازنەی یەکەمی خوێندن هیچ گرنگی پێ نەدراوە، لە کاتێکدا ئێمەی کورد بۆ مانەوە و بەردەوامیدان بە زمانی نەتەوەییمان پێویستە جەخت لەسەر فێربوونی زمانی کوردی لە پێشینەی کارە پەروەردەییەکانمان بێت.

٩. دیاریکردنی کەمترین کاتی خوێندن بە (٤) چوار کاتژمێر لە ماددەی ٣٥ی پڕۆژەکەدا نادیدەگرتنی پرۆسەی پەروەردە و فێربوونە، وەک پێشنیاز، پێویستە کار لەسەر نەهێشتنی دوو/ سێ دەوامی بکرێت و جەخت لە هێشتنەوەی فێرخواز لە فێرگەدا بکرێتەوە بە پشتبەستن بە ستانداردی یونسێف.

١٠. لەم پڕۆژەیاسایەدا گرنگیی پەیوەندی ناوەندەکانی خوێندن بە خێزان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر و کۆمەڵگە لە پرۆسەی پەروەردەییدا فەرامۆش کراوە. ئەمە لە کاتێکدا بەشێک لە ئەرکی هۆشیارکردنەوەی خێزان و کۆمەڵگە بە خووە ئەرێنییەکان لە پەروەردەی منالاّندا دەکەوێتە ئەستۆی سیستەمی پەروەردە لە ڕێگەی ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و توێژینەوەوە دەربارەی بابەتە هەستیارەکانی نێو کۆمەڵگە.

١١. ئەگەرچی مامۆستایان بزوێنەری بەڕێوەبردنی سیستەمی فێربوون و پەروەردەیین و پێویستە بە دەق باس لە سەلامەتی و پاراستنی شکۆ و مافەکانیان بکرێت و جەخت لە شیاویی بوون بە مامۆستا بکرێت، پەیوەست بە خوێندن و شیاندن و ڕاهێنانی پێویست و شارەزایی مامۆستایانەوە.

١٢. لەم پڕۆژەیەدا کەمترین پابەندبوونی یاسایی دەستنیشان کراوە بۆ پاراستنی مافی کەسە پەیوەندیدارەکانی وەک مامۆستا، فێرخواز، فەرمانبەر و خێزانەکان. لە پەیوەند بە مامۆستاوە بە دوو بڕگەی کورت لە مادەی ١٨٨دا باس لە مافی مامۆستا دەکات کە نابێ لە کاتی کاریدا دەستگیر بکرێت و دەستدرێژی بۆ سەری سزای توندی دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا لە ماددەی ٧٠دا کە تایبەتە بە ئەرکەکانی مامۆستا، بە حەڤدە خاڵ ئەرکەکانی مامۆستای دەستنیشان کردووە.

١٣. ئەگەرچی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردودا، لە ڕووی ماددیی و مرۆییەوە پڕۆژەی بونیاتنانی تواناکانی (بریتیش کانسڵ) بە مەبەستی هێنانەکایەی سیستمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ کاری تێدا کراوە، بەڵام بە وشەیەکیش لەم پرۆژەیەدا ئاماژەی پێ نەکراوە.

١٤. بیرۆکەی وانەی سەرەکی و وانەی لاوەکی لە دیدی پەروەردەی هاوچەرخەوە جێگەی پرسیارە و پێویستە سەرەکیبوون و لاوەکیبوونی ماددەکان لەبەر ڕۆشنایی پێویستیی فێرخوازان بۆ گەشەکردن بڕیاریان لە بارەوە بدرێت. هەروەها وانەی پەروەردەیی

هاوچەرخ زیادبکرێت وەک مافی مرۆڤ، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، لۆژیک، پەروەردەی ئاکاریی پێویستە شوێنیان بۆ بکرێتەوە.

١٥. لە پەیوەند بە خوێندنی پەیڕەوکراوەوە کە لە بەندی چواری ماددەی دوازدەی خاڵی سێهەمی بەشی دووهەمی پڕۆژەکەدا هاتووە، باس لە سزادانی خێزان دەکات گەر ڕێگر بن لە ناردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندن. بەر لە سزادان پێویستە لیژنەیەکی تایبەتمەند هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری نەچوونی منداڵ یان دەستبەرداربوونی لە خوێندنی بنەڕەتی. ئەو لیژنەیە و وەزارەت بەرپرسیار بن لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو هۆکارەی کە وای کردووە ئەو کۆسپە دروست ببێت. پاش ئەم کارە، دەکرێت سزای توندتر دابنرێت بۆ سەرپەرشتیاری منداڵ ئەگەر بەردەوام بوو لە دانانی بەربەستی خوێندنی منداڵ.

١٦. بەڕێوەبەر و جێگرەکەی، ڕێنومایيکاری پەروەردەیی و مامۆستا، گرنگە بەر لە دەستبەکاربوونیان و لەپاڵ بوونی بڕوانامەی پێویستدا دەستنیشانی جۆر و ماوەی خولێکی پەیوەندیداریان بۆ بکرێت کە ماوەکەی لەنێوان شەش مانگ بۆ دوو ساڵدا بێت تا ئاستی شیاوییان جیا بکرێتەوە لە کەسانی تر.

١٧. ڕۆڵی ڕێنماییکاری کۆمەلایەتی و دەروونی لە پەراوێزدا و لە خاڵی چوارهەمی ماددەی ٦٧دا باس کراوە کە "وا باشە" بۆ ئەو ناوەندانەی ژمارەی فێرخوازیان لە سەروو (٣٠٠) ەوەیە یەک ڕێنومایيکاری پەروەردەییان بۆ دابنرێت، کە ئەمە بێبەشکردنی بەشێکی ناوەندەکانی خوێندنە لەم خزمەتگوزارییە گرنگە. هەروەها لە ماددەی ٧٠دا ئەرکەکانی بە کورتی دەستنیشان کردووە، لە کاتێکدا دەبووایە جەخت لەسەر گرنگیی ڕۆڵیان لە کەرتی پەروەردەدا بکرایە و بە وردی باس لە خوێندن و شیاوی و وەرگرتنی خولی پێویست بۆیان بکرایەتەوە. هەروەها بە هۆی هەڵکشانی کێشە کۆمەلایەتی و هەستی و دەروونیەکانەوە گرنگە ڕۆڵ بە ڕێنومایيکاری کلینیکی بۆ پڕۆژەکە زیاد بکرێت.

١٨. بوونی کتێبخانە لە ناوەندەکانی خوێندندا پێویستییەکی پەروەردەییە، لەم ڕووەوە گرنگە لەجیاتی ئەوەی لە ماددەی ٥٠دا وشەی "وا باشە" بۆ بوونی کتێبخانە دابنرێت، جەخت لە بوونی کتێبخانە و سەرپەرشتیاری کتێبخانە بکرێتەوە نەک دەستبەرداربوونی کتێبخانە بە پاساوی نەبوونی شوێن.

١٩. لە یاسایەکی پەروەردەیی هاوچەرخدا هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان پێویستە وانەگوتنەوە مۆڵەتی هەبێت کە تەنها بۆ چەند ساڵێک کار بکات و بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت مەرجی مەعریفیی نوێ بۆ مامۆستا دابنرێت تا مامۆستای خاوەن پەیام یان ئەوەی پاولۆ فرێری پێی دەڵێت "مامۆستای فێرخواز"(المعلم الطالب) دروست بکرێت تا بتوانێت بە زانیاریی نوێوە پەرە بە تواناکانی فێرخواز لە بواری پەروەردە و فێربووندا بدات.

٢٠. یاساکە لە مەسەلەی کەوتنی فێرخواز و بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندندا، چۆنیەتیی بوون بە مامۆستا و دامەزراندنی مامۆستادا، زۆر خراپ و نەریتیانە و هیچ دیدێکی تازەگەرانەی تێدا نییە. پێویستە جەخت لە فێرکردنی فێرخواز بکرێتەوە نەک هێشتنەوەی لە هەمان پۆلی پێشویدا.

٢١ پێویست ناکات تەمەن بکرێت بە پێوەر بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن. سنوردارکردنی پرۆگرامی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ تەمەنی خوار (٥٠) پەنجاساڵ و تەمەنی (١٩) ساڵ بۆ بنەڕەتی و (٢٤) ساڵ بۆ ئامادەیی و (٢٨) ساڵ بۆ پەیمانگا ئاماژەی پەروەردەیی نادروستن بۆ تاسەی فێربوون و ئارەزووی پەرەپێدانی بەردەوامی تاکەکان.

٢٢. لە مەرجی بوون بە میلاکی خوێندنگە ناحکومییەکاندا هاتوە کە نابێت تەمەنیان لە شەست و سێ ساڵ زیاتر بێت، ئەمەش فەرامۆشکردنی توانای ئەو کەسە بە ئەزمونانەیە کە چەندین ساڵیان لە بواری فێرکاریدا بەسەربردوە.

٢٣. له مادده‌ی ١٤٨دا كه باسی شایسته داراییه‌كانی مامۆستایان له كه‌رتی تایبه‌تدا ده‌كرێت، پێویسته ده‌سته‌واژه‌ی "نابێت له كه‌مترین موچه‌ی بنه‌ڕه‌تیی هاوشێوه‌ی له كه‌رتی گشتیدا" لاببرێت و به ئاشكرا لایه‌نی كه‌میی مووچه بۆ هه‌ر شاره‌زاییه‌ك ده‌ستنیشان بكرێت تا ڕێگری بكرێت له نادادی به‌رامبه‌ر ئه‌و كه‌سانه‌ی له كه‌رتی تایبه‌تدا كار ده‌كه‌ن.

٢٤. له ڕووی داڕشتن و زاراوه‌سازییه‌وه پڕۆژه‌كه پڕه له كێشه و جیاوازی له‌نێوان چه‌مكه‌كاندا نه‌كراوه، وه‌ك چه‌مكه‌كانی فێركردن، فێركاری، فێربوون. ئێمه پێمان باشه فێربوون به كار بهێنرێت وه‌ك كرده‌یه‌كی دوولایه‌نه له‌نێوان مامۆستا و فێرخوازدا، هه‌رچه‌نده ئه‌وه‌ش ئه‌زانین كه سه‌ره‌تایه‌ك له فێكردن هه‌یه.

٢٥. بابه‌تی فرۆشگا و خواردنگه به كاڵۆكرچی به جێ هێڵراوه له ڕووی كواڵیتیی خواردنه‌كان له په‌یوه‌ند به گه‌شه‌ی فێرخواز و ته‌مه‌نیانه‌وه. هه‌روه‌ها باس له ته‌رخانكردنی ده‌ستكه‌وتیان بۆ پێداویستیه‌كانی قوتابخانه نه‌كراوه.

٢٦. له به‌شێكی زۆری ئه‌م پڕۆژه‌یاسایه‌دا نووسراوه كه ناوه‌نده‌كانی خوێندن موڵكی حكومه‌تن واتا موڵكی گشتین، بۆیه ناكرێت ده‌سته‌ڵات ده‌ستئاوه‌ڵا بكرێت به بێ یاسا بۆ مامه‌ڵه‌كردن به‌و موڵكه.

٢٧. له‌م پڕۆژه‌یاسایه‌دا و له مادده‌ی ١٩٠ كه تایبه‌ته به حوكمه گشتییه‌كان، زۆر شه‌رمنانه و لاستیكیانه باس له موڵكه‌كانی وه‌زاره‌ت كراوه و به هیچ جۆرێك ئاماژه بۆ ئه‌و باڵه‌خانه و بینایانه‌ی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده نه‌كراوه كه له‌لایه‌ن كۆمپانیا و حیزب و پارته سیاسییه‌كانه‌وه یان له‌لایه‌ن هه‌ر كه‌س و ده‌زگایه‌كی دیكه‌وه، له سه‌رتاسه‌ری هه‌رێمدا، ده‌ستیان به‌سه‌ردا گیراوه. مه‌سه‌له‌یه‌كی وا گرنگ نابێت له‌م یاسایه‌دا به‌و شێوه لاوه‌كییه ئاماژه‌ی بۆ بكرێت.

٢٨. لەم پرۆژەیەدا بە هیچ شێوەیەک باس لە خەسڵەتەکانی بیناسازی نەکراوە کە گونجاو بێت بۆ کەشی فێربوون لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێربووندا. لەم ڕووەوە پێویستە ئەو بینایانەی تازە دروست دەکرێن بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بن و کارئاسانی بۆ پرۆسەی فێربوون و پەروەردەی تێدا ڕەچاو بکرێت، بۆ نموونە بوونی کتێبخانە، یاریگای شیاو، ڕووناکیی پێویست و تاقیگەی تایبەت بە فێربوون.

٢٩. سەبارەت بە ژمارەی فێرخواز لە پۆلدا، ئەگەرچی لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە زیاد لە ٢٥ فێرخواز لە پۆلێکدا کە ڕووبەرەکەی لە ٣٥ مەتری دووجا کەمتر بێت گرفتە، ئەم خاڵە سەرپێیی لە ماددەی ٨ ی برگەی یەکەمدا بەم جۆرە لاستیکییە بە جێ هێڵراوە: " پێویستە ژمارەی منداڵان لە هەر پۆلێکدا، گونجاو بێت لەگەڵ ڕووبەری پۆلەکە و دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجا"٪

٣٠. لە پەیوەند بە هەڵسەنگاندنی فێرخواز و تێپەڕاندنی قۆناغەکانی خوێندن و هەڵبژاردنی ئامادەیی یان خوێندنی پیشەییدا تەنها گرنگی بە تاقیکردنەوە و نمرە دراوە و هیچ بەرژەوەندی و ئارەزوویەکی فێرخواز لە بەرچاو نەگیراوە. ئەم ژینگەی خوێندنە ڕێگا بە فێرخواز نادات دیدی ڕەخنەگرانەی بۆ ژیان گەشە پێ بدات بەڵکو نمرە تاکە پێوەری توانست و ئارەزوەکانی دەبێت.

٣١. لە پرۆژەیاساکەدا هیچ خاڵێک بە دی ناکرێت دەربارەی جۆریەتی بابەتەکانی خوێندن و نوێکردنەوەی زانیاریی نیو کتێبەکان. بۆ نموونە لەکاتی وەرگێڕانی کتێبی خوێندن بۆ سەر زمانی کوردی، پێویستە وەزارەت پشت بەو وەرگێڕانە ببەستێت کە لە هەرێمی کوردستاندا وەرگێڕی بەناوبانگ و بەسەلیقەن و خاوەنی کۆمەڵێ بەرهەمی وەرگێڕانی نایابن و لە بواری وەرگێڕاندا متمانەی باشیان بە دەست هێناوە، نەک ئەوەی تەنها پشت بە مامۆستا یان سەرپەرشتیار یان ڕاوێژکارەکانی وەزارەت ببەستێت.

٣٢. له خاڵی یەکەمی مادەی ٤٤دا نووسراوە "لە هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا گشت ئەو کار و ڕەفتارانەی لەگەڵ پەیامی پەروەردە و فێرکاریدا ناگونجێن ڕێپێنەدراون" کە پێنج برگە لە خۆ دەگرێت، پێویستە ڕاشکاوانە هێنان و هەڵواسینی لۆگۆ و ئاڵای پارتە سیاسییەکان لە بۆنە و ئاهەنگە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا قەدەغە بکرێن، هەروەها دوورکەوتنەوە لە یادکردنەوەی بۆنەی حیزبی، وەک ڕۆژی لەدایکبوونی سەرکردە و ڕۆژی دامەزراندنی حیزب و گروپەکان، کە سەرجەمیان دەبنە مایەی تێکدانی کەشی فێربوون و پەروەردەی دروست.

٣٣. ئەگەر چی لە خاڵی دووەمی مادەی ٩١دا هاتووە "کتێبە بڕیارلێدراوەکانی خوێند تەنها سەرچاوەن بۆ تاقیکردنەوە" باس لە قەدەغەکردنی مەلزەمە نەکراوە کە زیاتر لە سی ساڵە بۆتە بازرگانی بۆ هەندێک مامۆستا و بارگرانیی لە سەر خەڵک و لەسەر سیستمی فێربوون. بۆیە پێویستە گرنگی بە پڕۆگرامەکانی خوێندن بدرێت بەجۆرێک کە گونجاو بێت لەگەڵ توانای فێرخواز لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا.

٣٤. یاساکە هیچ ئالیەت و میکانیزمێکی کردەیی کارا و پراکتیکی بۆ جێبەجیکردنی ئامانجەکانی خودی یاساکە دەستنیشان نەکردووە.

٣٥. ئەو سیستمی "دڵنیایی جۆری"یەی چەند ساڵێکە لە پەروەردەدا دانراوە بەرهەمدار نەبووە، پێویستە ئالیەتی کاراکردنی سیستمێکی پەرەپێدانی جۆرێتی دەستنیشانبکرێت.

٣٦. لە فێربوونی تایبەتدا بە بەندی تایبەت باس نەکراوە کە چۆن منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت هەلی یەکسانی خوێندنیان بۆ فەراهەم بکرێت.

٣٧. لە مادەی ١٦ دا، لە مەرجەکانی دامەزراندنی سەرپەرشتیاردا کردویەتی بە مەرج کە کەسەکە ئەزموونی هەبێت وەک بەڕێوەبەر یان یاریدەدەر کە ئەمەش مانای وایە لە سەدا هەشتای مامۆستیانی پسپۆرییە جۆراوجۆرەکانی بێبەشکردوە لە بوون بە سەرپەرشتیار.

# کۆتایی